HASAR

# هەواڵنامەی هەسار

چارێگی دووەمی ساڵی 2023 (لە نیسان تاوەکو کۆتایی تەمموز)



## دوایین هەواڵ

- لە سەرەتای چارێگی دووەم؛ کۆی ژمارەی نەمامەکان چێندراوەکانی پرۆژەی ملیۆن بەڕوو گەیشتە سەرووی 300 هەزار.

- ڕیسایکلینگەکەی هەسار (ACUW) گەیشتە بڕ و کوالیتی پێشبینیکراو.

- سەرەڕای هەبوونی قەیرانی ئابووری و کەمبوونەوەی پاڵپشتی، ڕێکخراو بەردەوامبوو لە پارێزگاریکردن لە دەستکەوتەکانی پرۆژە.

- ڕێژەی گەشەی بەڕووەکان بەراورد بە ساڵی پار دوو ئەوەندە زیاترە، ئەمەش بەهۆی بەرەوپێشبردنی دیزاینی پرۆژەکە بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی پار.


- توانیمان ڕاپۆرتی بنەڕەتی بۆ پارکی سامی عبدالرحمن تەواو بکەین کە تێیدا دەستپێشخەرییەکی چارەسەری پێشکەشکرا بۆ ئاودان لەڕێگەی ڕیسایکل لە چوارچێوەی پرۆژەی تێکرای خەرجی سفری ڕێکخراوی هەسار.

- توانیمان پرۆسەی بە دیجیتاڵکردنی بۆ ئاودان ئەنجام بدەین، لەناو ئەو خاکەی کە پرۆژەکەی لێ ئەنجامدراوە، هەستەوەری پێوانەکردنی شێ داندراوە. هەنگاوەکانمان ڕۆیشتنە بەرەو بڕیاردان لەسەر بنەمای داتا.

## سیستەمی ریسایکلینگەکەی هەسار لەلایەن حکومەتەوە متمانەی پێکرا

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەڕۆ بەشێوەیەکی فەرمی دانینا بە سیستەمی ڕیسایکلکردنەوەی ئاوی هەسار (کە بە هاوبەشی لەگەڵ یونسێف ئەنجامیداوە) وەکو سیستەمێك کە دەتوانێت ئاوی ڕۆیشتووی ماڵان ڕیسایکل بکاتەوە بۆ ئاستێك کە دەستبدات بەشێوەیەکی ژینگەیی بەکاربهێت بۆ ئاودانی داری پارکەکان.





بەڵێ داری بەڕوو گونجاوە بۆ شاری هەولێر

وێنەی داربەڕووەکانی ناو گەڕەکەکانی شاری هەولێر: لە دەستەڕاستەوە، گەڕەکی موفتی، گەڕەکی ئیسکان، تەیراوە، پشت شوقەکانی ئیسکان، پێنجی حەساڕۆك

## گەورەترین دەستکەوتەکانی چارەگی دووەمی 2023

ڕێکخراوی هەسار خۆڕاگربوو، بەردەوامبوو لە بەرەوپێشچوون، توانی بناغەی دەستپێشخەرییەکیتر دابنێت



توانیمان چین و توێژە جیاوازەکانی ئەو گەڕەکانەی کە سنورییان بە پرۆژەی ملیۆن بەڕوو هەیە ئاشنای پرۆژەکە و چۆنیەتی پاراستنی بکەین. زیاتر لە چوار دیدار ڕێکخرا لەنیوان ئێمە و کەسایەتیەکانی ئەو ناوچەیە، سوپاس بۆ ڕێکخراوی یونسێف و پاو بۆ ڕەخساندنی ئەم دەرفەتە.



بەرلەوەی وەرزی وشکبوونی گیا دەستپێبکات، دەستمان کرد بە ئامادەکردنی هێڵی ئاگرنەبڕەکان، تاوەکو لە ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە پارێزراوبین. ئەوەبوو لە چارێگی دووەم زیاتر لە 10 ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە لە دەرەوەی سیمی پرۆژەکە ڕوویدا، هیچ کام لە ئاگرەکان نەبووە هۆی ئەوەی زیان بە پرۆژەکە بکەوێت.



لە چارێگی دووەم توانیمان ئامادەکاری بکەین بۆ ئاودان، سەرەڕای ئەوەی کە قەیرانی دارایی کاریگەری خستە سەرمان، پرۆسەی ئاودانمان کردە لەپێشینە، هەموو دارەکانی ناو پرۆژە بەگوێرەی پلان ئاودانیان بۆ کرا، ئەمە لەکاتێکدا کە ئێمە پشت بە ئاوی ڕیسایکل دەبەستین لە پرۆسەی ئاودان.



سەوز واتە ئاوم مەدە، زەرد واتە نزیکم لەوەی کە پێویستم بە ئاودانبێت، نارنجی واتە کاتی ئاودانم هاتووە. ئەم پرۆسەیە ساڵێك پێش ئێستا دەستمان پێکرد، بەهۆی ئەم سیستەمە ئێمە توانیمان ببینە دەزگایەك کە پشت بە داتا ببەستین بۆ بڕیاردان لە پرۆسەی ئاودان بۆ پرۆژەکەمان.

## هەنگاوی داهاتوو

**بەجیهانی کردنی پرۆژەی ملیۆن بەڕوو، دەستپێکردنی پرۆژەی تێکڕای خەرجی سفری ئاو بۆ پارکی سامی عبدالرحمن**









هەنگاوی داهاتوومان بریتیە لە بە جیهانی کردنی پرۆژەی ملیۆن بەڕوو، بەهۆی ئەوەی یەکەم پرۆژەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کار بکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا بە دروستکردنی دارستانی سروشتی لەناو شارەکان؛ پێویستە بۆ متمانەی زیاتر و بەرەوپێشبردنەکەی بگەیەنینە متمانەیەکی جیهانی تاوەکو پاڵپشتی زیاتر بەدەستبهێنێت. هەنگاومانناوە بۆ ئەم مەبەستە، لە چارێگی سێیەم دەست بە پرۆسەی بەجیهانی ناساندنی پرۆژەکە دەکەین. جگە لەوەش، ئێمە بەردەوام دەبین لە سەرپەرشتیکردنی گەشەی پرۆژەی ملیۆن بەڕوو، ئاودان بۆ پرۆژەکە ئەنجام دەدەین. لە خاڵی بەهێز و لاوازی پرۆژەکە دەکۆڵینەوە، خۆمان ئامادە دەکەین بۆ قۆناغی داهاتوو، وانە فێربووەکان دەنوسینەوە. ئەم ساڵ بۆمان دەرکەوت کە گەشەی نەمامەکان دوو قات خێراتر و سەرکەوتووترە لە گەشەی نەمامەکانی پار. ڕەگی بەڕووەکان چووە بە قوڵایی زیاتر لە مەترێك تەنها بە ماوەی حەوت مانگ. چالاکی زیندەگی لە ناوچەکەدا زیادی کردووە، بەتەواوی هەستدەکرێت کە شوێنی پرۆژەکە شوێنێکی دەوڵەمەندە بە زیندەوەر و شێ و خاکێکی تەندروست.

دوای ئەوەی لە سەرەتای ساڵی 2023 بە هاوکاری وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و بە سپۆنسەری بانکی جیهان دەستمان کرد بە لێکۆڵینەوەیەکی بنەڕەتی بۆ پارکی سامی عبدالرحمن؛ لە چارێگی دووەم ڕاپۆرتەکەمان پێشکەش بە لایەنی پەیوەندیدارکرد. لە ڕاپۆرتە بنەڕەتیەکە لێکۆڵینەوەیەکی قوڵی زانستی کرا بۆ دۆخی بەردەوامی پارکەکە، بەشێوەی مەیدانی و گفتوگۆکردن و وەرگرتنی داتا و زانیاری لەسەر پارکەکە توێژینەوە بنەڕەتیەکەمان ئەنجامدا، بۆمان دەرکەوت کە گۆڕانی کەشوهەوا و دابەزینی ئاوی ژێرزەوی و ئاستەنگەکانی تەکنیکی مەترسین لەسەر بەردەوامی پارکەکە لە درێژمەودا، هەروەها پشتبەستن بە ئاوی ژێرزەوی بۆ پڕکردنەوەی خواستی ئاودان مەترسی دابەزینی ئاوی ژێرزەوی شاری هەولێر زیاتر دەکات. بۆیە دەستپێشخەری تێکرای خەرجی سفری ئاومان پێشەکەش بە لایەنی پەیوەندیدارکرد: بەگوێرەی دەستپێشخەریەکەمان، هەسار کار دەکات بۆ ئەوەی سەرچاوەی ئاو لەڕێگەی ڕیسایکلینگی ئاوەوە دابین بکات بۆ پارکەکە.

## پاڵپشتیکردنی دارایی پرۆژەکە بۆ بەردەوامبوون و خزمەتکردن

بە زۆر شێوە دەتوانن بەشداربن لە پاڵپشتی کردنی ڕێکخراوی هەسار، وەك بەخشین لە ڕێگەی وێبسایتی ڕێکخراوەکەمان یان بوون بە سپونسەر. هەموو جۆرە یارمەتییەك کاریگەرییەکی گەورەی دەبێت لە سەرکەوتنی پرۆژەکانمان، کە ئامانجی هەسار دروستکردنی کاریگەری سەرتانسەریە بەسەر هەرێمی کوردستان. ئێمە کۆمەڵێك گەنجین، هاوڵاتیان و لایەنە جیاوازەکان پاڵپشتیان کردووین و بەردەوامبووین. بەشدار بە لەگەڵماندا بۆ بەدیهێنانی کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر ژینگە و کۆمەڵگە لە ڕێگەی پرۆژەی ملیۆن بەڕوو.







## سوپاس و پێزانین

لە ناخی دڵەوە سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەین کە هەر لە سەرەتای پرۆژەکانمان یارمەتیدەرمان بوون. دابینکردنی زەوی پرۆژەکە لە لەیەن حکومەتەوە جێگای دەستخۆشی و دڵخۆشی بوو. سوپاسی هاوبەش و سپۆنسەرەکانمان دەکەین کە پاڵپشتمانبوون لە پرۆژەی ملیۆن بەڕوو کە لۆگۆکانیان لە خوارەوە ئاماژەی پێدراوە. سوپاس بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەڕۆ لە بەرامبەر متمانەکردنیان بە پرۆژەی ڕیسایکلینگی هەسار ناسراوە بە ACUW کە بە هاوبەشی لەگەڵ یونسێف ئەنجامانداوە. سوپاس بۆ هیومانبلینك کە سپۆنسەری پرۆسەی بە دیجیتالکردنی پرۆژەکەمانبوو. لە کۆتاییشدا، پشتگیری بەردەوامی ئەندامەکان و خۆبەخشەکان هۆکارێکی گەورەی ئەم سەرکەوتنە بوو.

## چۆن دەتوانن پاڵپشتیمان بکەن؟

ئێمە هەر یارمەتییەك کە چەندە بچووکیش بێت زۆر بەرز دەنرخێنێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانمان لە دروستکردنی داهاتوویەکی باشتر لە ڕێگەی بەرنامەی خۆڕاگری بەردەم گۆڕانی کەشوهەوا. دەتوانن بەخشینەکانتان لە ڕێگەی وێبسایتی ڕێکخراو ئەنجام بدەن، وە ئەوانەشی حەز دەکەن ببنە سپونسەری پرۆژەکانمان دەتوانن پەیوەندی بە ئیمێلەکەمانەوە بکەن بۆ زانیاری زیاتر.

million OAKS | Ministry of Municipality and Tourism | HASAR | RWANGA | ShaMaran petroleum corp Contributing Sponsor | unicef for every child | CIHAN BANK | HUMANBLINK innovation

+964 750 843 8872
www.hasar.org
info@hasar.org
Iraq, Erbil, Hana City Apartments, 120m